## شەوی قەدر (ليلة القدر)

شەوی قەدر چاکترین شەوە لە شەوەکانی ساڵ، بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَـٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ﴾ (القدر/١-٣). واتە: ئێمە قورئانمان لە شەوی قەدردا ناردە خوارەوە، تۆ نازانی ئەی محمد شەوی قەدر چی‌یە؟ . فەزڵی . شەوی قەدر لە . فەزڵی . هەزار مانگ گەورەترە. واتە: کاری چاکە تێیدا لە نوێژو قورئان خوێندن و زیکری خوا خێری کاری هەزار مانگی هەیە کە شەوی قەدری تێدا نەبێت.

گەڕان بە شوێن ئەو شەوەدا موستەحەببە:

موستەحەبە کە لە شەوە تاکەکانی دەرۆژی دوایی شەوەکانی کۆتایی ڕەمەزان بە شوێن ئەو شەوەدا گەڕان بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ تێ ئەکۆشا لە گەڕان بەدوای ئەو شەوەدا لە دەرۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا.

لە پێشەوە باسی ئەوە کرا کە پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە ئەگەیشتە ئەو دە ڕۆژەی دوایی شەوەکانی زیندو ئەکردەوەو خێزانەکانی هەڵئەسان و بەندەخۆنی توند ئەکردەوە . سەرجێی خێزانەکانی نە ئەکرد . وە بە زۆری خوا پەرستی ئەکرد.

ئەو شەوە کام شەوەیە؟:

زانایان ڕایان زۆرە بۆ دیاری کردنی ئەو شەوە؛ هەیانە ڕای وایە کە ئەو شەوە شەوی بیستو یەکەمی ڕەمەزانە، وە هەیانە بۆ ئەوە چوە کە شەوی بیستو سێی ڕەمەزانە، وە هەیە ڕای وایە شەوی بیستوپێنجی ڕەمەزانە، وە هەیانە بۆ ئەوە چووە کە شەوی بیست ونۆیەمە، وە هەیانە ڕای وایە ئەو شەوە ئەگەڕێت بە شەوە تاکەکانەوە لە دە شەوی ئەخیر، وە بەشی زۆری زانایان لەسەر ئەوەن کە شەوی بیست وحەوتەمە.

ئەحمەد بە ئیسنادێکی صەحیح لە ئیبنوعومەرەوە ﵁ ئەگێڕێتەوە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن كَانَ مُتَحَرِّيهَا فَلْيَتَحَرَّهَا لَيلَةَ السَّابِعِ وَالعِشرِينَ). واتە: هەرکەس بە دوای ئەو شەوەدا ئەگەڕێت با لە شەوی بیست وحەوت بگەرێ بە دوای دا.

موسلیم و ئەحمەد و ئەبوداود و تیرمذی کە بە صەحیحی داناوە لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ئەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: بەو خوایەی کە هیچ مەعبودی بە حەق نی‌یە جگە لەو! ئەو شەوە شەوێکە لە ڕەمەزاندایە . سوێند ئەخوات بە بێ ئەوەی بڵێ: إن شاء الله . سوێند بە خوا من ئەزانم کام شەوەیە، ئەو شەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردین شەونوێژی تێدا بکەین، ئەویش شەوی بیست وحەوتە، نیشانەکانی ئەو شەوە ئەوەیە بۆ بەیانی کاتێ خۆر هەڵات سپی و بێ تیشکە.

شەو نوێژکردن وخوا پەرستی و پاڕانەوە لەو شەوەدا:

١- بوخاری و موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن قَامَ لَيلَةَ القَدرِ إيمَاناً وَاحتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِهِ). واتە: هەرکەس لە شەوی قەدردا نەخەوت و خوا پەرەستی کرد بە باوەڕەوەو لەبەر ڕەزامەندی خوا، وە چاوەڕوانی ئەو پاداشتەی لە خوا کرد، خوا لە گوناهی لەوەو پێشی خۆش ئەبێت.

٢- ئەحمەدو ئیبنوماجەو (ترمذي) کە بە صەحیحی داناوە لە عائیشەوە ئەگێڕنەوە فەرمویەتی: ووتم ئەی نێرراوی خوا، ئەگەر زانیم شەوی قەدر چ شەوێکە چی بڵێم تێیدا؟ فەرمووی: بڵێ (اللَّهُمَّ إنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ العَفوَ فَاعفُ عَنِّي). واتە: خوایە تۆ زۆر لێبوردەریت و لێبوردنت پێ خۆشە جا لێم ببورە.